لە خولی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

# گوڵان لە پەیام و منارە دەباتەوە

لەمیانی یارییەکانی خولی ڕاگەیاندن لە تۆپی پێ کە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، تیایدا تیپی گۆڤاری گوڵانی وەرزشی توانی دوو سەرکەوتن لەسەر یەکدی تۆمار بکات، لە یاری یەکەم بە ئەنجامی (٤-٣) گۆڵ لە تیپی ڕادیۆی منارە بردەوە، گۆڵکانیش لە ڕێگای لە سەنگەر خالید(٣) گوڵ و تاکە گۆڵێکیش لە ڕێگای ڕێبین ڕەمزی تۆمار کران، لە یاری دووەمیشدا تیپی گۆڤاری گوڵان ڕووبەڕووی تیپی سەتەلایەتی پەیام بۆوە لەم یارییەش تیپی گۆڤاری گوڵان بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ یاریەکەی بردەوە گۆڵەکانیش لە ڕێگای یاریزانان ڕێبین ڕەمزی و سەنگەر خالید تۆمار کران.

وا بڕیارە سبەش کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ تیپی گوڵان لە یاریەکەی بەهێزدا ڕووبەڕووی تیپی تەلەڤزیۆنی تورکمان ببێتەوە.





## ئۆباما
## لە باسکە دەدۆڕێنی

سەرۆکی نوێی ئەمەریکا باراك ئۆباما داوای لە بەرپرسانی وەرزشی وڵاتەکەی کرد کە یاریگایەکی مۆدێرنی تازەی تۆپی باسکە لە ناو کۆشکی سپی دروست بکەن لەبەر ئەوەی ئەم یارییە وات لێ دەکات ماندوو بوونەکانت لەبیر بکەی و سوودێکی زۆریشی بۆ تەندروستی لەشی مرۆڤ هەیە و دڵڕاوکێ لادەدات جێگەی باسە باراك ئۆباما پێشتر یاریزانی تیپی باسکە بووە و هەر لە منداڵیەوە ئەم یارییەی ئەنجامداوە، لە لایەکی دیکەوە ئۆباما ڕایگەیاند هاندەری یانەی شیکاگۆ بۆڵزە لە تۆپەی باسکە و ئامادەی ئەو یارییە بوو کە شیکاگۆ بۆڵز دژی واشنتۆن ویزادرز یاریکرد و تیاییدا واشنتۆن ئەو یارییەی بە ئەنجامی (١١٣-٩٠) خاڵ لە یانەی شیکاگۆی باراك ئۆبامای بردەوە.



## سارکۆزی
## هاندەری پاریس سان جێرمانە

لەمیانی سەردانەکەی بۆ وڵاتی عومان سەرۆکی فەرەنسی نیکۆلا سارکۆزی ئەو هەڵەی قۆزتەوە بە جلی وەرزشی لەنێو کۆشکی شاهاتی لە مەسقەت چەندین چالاکی وەرزشی ئەنجامدا لەوانە ڕاکردن و یاری تێنسی سەر زەوی لە لایەکی دیکەوە سارکۆزی بە بەردەوامی چاودێری خولی یانەکانی فەرەنسا دەکات و یەکێکە لە هاندەرانی یانەی پاریس سان جێرمان و شان بە شانی سەرۆکی یانەی ناوبراو ئامادەیی یاری فۆلسفۆرگی ئەڵمانی و پاریس سان جێرمان بوو ئەویش لەمیانی یارییەکانی جامی یەکێتی ئەورووپا بوو.


# ئافرەتێک رووبەڕووی پیاوان دەبێتەوە

یەکەمین ئافرەت لە مێــژووی ئیتاڵیا توانی بەرەنــگاری پیاوان ببێتـــەوە ببێتە راهێنەری تیپی تۆپی پێـــی پیاوان، یەکێتی تۆپی پێی کەنــدا بۆندێکی لەگەڵ راهێنـــەری ئیتاڵی کارۆلینـــا مـــۆراس ئەســـتێرەی لێهاتووی هەڵبـــژاردەی ئیتاڵیـــای ئافرەتان مۆرکرد بۆ ئەوەی ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی ئافرەتانی کەندا، کارۆلینا بڕیاریدا تیپێکی باش دروست بکات بۆ ئەوەی بتوانێ رکابەری جیهان بکات ســـەرەڕای ئەوەی چەندین کەس هۆشـــداری کارۆلینایان کرد بـــوو کە کەش و هەوای ئەو



وڵاتەی شـــیاو نییە بۆ تۆپی پێی و هاندەری کەمـــە، چونکـــە پلەی یەکەم لـــە چالاکی وەرزشی لەو وڵاتە تۆپی باسکەیە و خەڵکێکی زۆر ئامـــادەی یارییەکان دەبن و کەش و هەوا زۆر ســـاردە رێگا نادات بە بەردەوامی مەشق بکەن، جێگەی باسە پێشتر کارۆلینا لە ئیتاڵیا سەرپەرشـــتی تیپی فیتێریس دەکرد لە خولی یانە پلە ســـێیەکانی ئیتاڵیـــا یاریيان دەکرد و دوای دوو هەفتە دەستی لە کارکێشاوە دوای ئەوەی چەندین هێرشـــی لە لایەن دەزگاکانی راگەیاندنی کرایە سەر.

# رۆناڵدینهۆ لاسایی دەکاتەوە



ئەستێرەی بەناوبانگی بەرازیلی و یانـــەی ئەی ســـی میلانی ئیتاڵی رۆناڵدینهـــۆ وانەیەك لـــە برادەرەکـــەی ئەســـتێرەی بەناوبانگـــی تۆپـــی پێـــی ئینگلیزی دێڤید بێکهام فێربوو کەچۆن ســـەرنجی جەماوەر بۆ خۆی رابکێشـــێ و لە پێش یـــاری لووتکەی خولی ئیتاڵیـــا بە چەند کاتژمێرێك لـــە نێوان هەردوو یانەی ئەنتەر میلان و ئەی سی میلان رۆناڵدینهۆ ئەو کاتەی لەپێش بوو دەبوایە بیر لە یارییەکە و چۆنیەتی پلاندانان بۆ یارییەکە بکات هەڵســـا بە ســـەردانی سەرتاشـــی بەناوبانگ مانۆلۆ گارسیا لە شاری میلانۆ بۆ تاشینی قژی بەشـــێوازێکی مۆدێرینی نوێ بۆ ئەوەی بتوانێ ســـەرنجی جەماوەر لە نێو یاریگا بۆ خۆی رابکێشێ، رۆناڵدینهۆ دوای ئەو ئاســـتە خراپەی لە یارییەکانی دواییدا نیشانیدا بەشێك لە کەسایەتی خۆی لە دەستدا و دەیەوێ بەم سەرتاشـــینە خەڵك ســـەر نوێ خۆشی بوێ و ئاســـتی جارانی بگەڕێنێتەوە، دێڤید بێکهامی برادەری هەر کاتێك ئاســـتی بەرەو نزمی بڕوشـــتبایە ئەوا هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی بەشـــێوازێکی نیشانی جەماوەر بدات ئەویش بە برینی قژی تا خەڵك ئاستی ئەو یاریزانە لەبیر بکـــەن، چاودێران دەڵێن رۆناڵدینهۆ چەند خۆی ماندوو بـــکات و قژو دەم و چاوی جوان بکات هیچ سوودی نییە و لەو قەیرانە رزگاری ناکات وەکو پێشینان دەڵێن ( شانە چی بکات گەر دەم و چاو نارێك و ناشیرین بێت).





# ئەدیارنۆ خۆشەویستی جەماوەرە

ئەستێرەی بەرازیلی و گۆڵکاری یانەی ئەنتەر میلانـــی ئیتاڵـــی ئەدریانۆ توانی بەشـــێك لە کەسایەتی و خۆشەویســـتی جەماوەر بۆ خۆی بگەڕێنێتـــەوە و بچێتە نێو لیســـتی گۆڵکاران دوای ئەوەی ماوەیەك ئاســـتی لـــە دابەزیندا بـــوو، ئەدریانۆ بۆی دەرکەوت کە لای جەماوەر خۆشەویســـتیەکی بۆ گەڕاوەتەوە لەو کاتەی کە جەولەیەکی لە نێو بازاری میلان سازدا جەماوەر بە دەوری کۆبوونەوە و چەندین وێنەی یادگاریان لەگەڵ وەرگرت و باســـیان لە ئاســـت بەرزی کرد.

## ئاسۆ ئەمیر یاریزانی یانەی وەرزشی هەولێر

# هۆکاری سەرەکی ئەنجامەکانمان لەخۆبایی بوونی یاریزانەکانمانە



**یەکێکە لە یاریزانە لاوەکان کە ئێستا لە تیپی دووەمی یانەی وەرزشی هەولێر یاری دەکات و لە باڵەکان یاری دەکات، ئەسۆ ئەمیر لە تیپە میللیەکان دەستی بە یاریکردن کرد، دواتر چووە ریزی لاوانی یانەی پێشکەوتن پاشان چووە تیپی یەکەمی یانەی پێشکەوتن دواتر بانگهێشتی یانەی وەرزشی هەولێر و تا ئێستاش لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامە، دەرباری ئاست خراپی یانەی هەولێر لە قۆناغی دووەمی خولی پلە نایابەکانی کوردستان و کێشە و گرفتەکانی ئەم تیپە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ سازبدەین.**

**دیمانە: رێبین رەمزی**

*** هۆی چییە یانەی هەولێر لە قۆناغی دوومی خولی پلە نایابەکانی کوردستان ئاستی دابەزیوە؟**

- ئەوەی راستی بێت هەمووی بۆ کەمتەرخەمی یاریزانەکان دەگەرێتەوە هەورەها زۆربەی یاریزانەکان تووشی لەخۆ بایی بوون، ئەمانە هەموو هۆکاری سەرەکی بوون کە ئاستی یانەکەمان لە قۆناغی دووەم دابەزی.

*** ئایا هیچ کێشەیەك لە نێوان یاریزانەکان و راهێنەر هەیە؟**

- نەخێر هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام ئەمە شتانە هەمووی بۆ لەخۆ بایی بوونی یاریزانەکان دەگەرێتەوە.

*** دوورخستنەوەی ئەو یاریزانانە لە یانەی هەولێر هیچ کاریگەری لە ئێوە کرد؟**

- ئەوەی راستی بێت ئێمە زۆر پێمان ناخۆش بوو کە ئەو یاریزانانە لە یانەی هەولێر نەمان چونکە هاورێ ئێمە بوون، بەڵام هیچ کاریگەری لە ئێمە نەکردووە.

*** ئێوە وەکو یاریزانەکان لە بریاری راهێنەرن بە دوورخستنەوەی ئەو یاریزانانە؟**

- راهێنەری خاوەنی بریاری کۆتاییە، ئێمە هیچ شتێکمان پێ ناکرێ.

*** دەڵێن یانەی هەولێر چاوی لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان نییە، تەنیا بۆ ئامادەکردنی یاریزان بۆ دوا رۆژ بەشداری ئەم خولی کردووە، تا چەند ئەمە راستە؟**

- ئەم قسانە هەمووی لە راستی دوورە، چونکە یانەی هەولێر لە هەر پاڵەوانیەتیەك بەشداری بکات هەردەم چاوی لە بە دەستهێنانی ئەم پاڵەوانیەتیە، لە هەمان کاتیشدا یاریزان بۆ دوا رۆژیش دروست دەکەین.

*** چۆن دەروانیە ئاستی یانەکانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان؟**

- ئەوەی راستی بێت ر کا بە ر ییە کی بەهێز هەیە لە نێوان یانەکان و ئاستی یانەکان بە گشتی زۆر بەهێز لە وەرزی ئەمساڵ.

*** کێ بە رکابەری سەرەکیتان دادەنین لە بە دەستهێنانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان؟**

- تەنیا بروسك رکابەرییمان دەکات لە بەدەستهێنانی ئەم نازناوە.

*** تا چەند لە ئاستی یانەکەت رازیت لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان؟**

- تا رادەییەك لە ئاستی یانەکەمان رازیمە، بەڵام لە یارییەکانی داهاتوو ئاستمان باشتر دەبێت و ئەنجامی باشتر بە دەست دێنین.

*** چۆن دەروانیە ئاستی ناوبژیوانانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان؟**

- ئەوەی راستی بێت ئێمە وەکو یانەی هەولێر زۆر ستەمان لێ دەکرێ، بە تایبەتی لە لایەن ناوبژیوانەکان، بە گشتی ئاستی ناوبژیوانەکان مام ناوەندییە.

*** ئایا عەبدوڵڵا مەحمود هیچ کاریگەری لەسەر ئاستی یانەکانە هەیە؟**

- دەتوانم بڵێم عەبدوڵڵا مەحمود باشترین راهێنەرە لە کوردستان، چونکە زۆر لەگەڵ یاریزانەکان ماندییە و هەموو شتێك لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی یانەی هەولێر دەکات.

*** ئایا دەستەی کارگێری یانەی هەولێر بایەختان پێ دەدات وەکو تیپی یەکەمی یانەی هەولێر؟**

- دەستەی کارگێری زۆر بایەخمان پێ دەدات و ساڵ بە ساڵیش زیاتر بایەخمان پێ دەدات و هەموو شتێکمان بۆ دابین دەکەن و هیچ درێغیان لەگەڵ ئێمە نەکردووە، بەهیچ شێوەییەك.

*** تا چەند راستە یاریزانەکانی تیپی دووەمی یانەی هەولێر رکابەری یاریزانە لاوەکان دەکەن کە تازە هاتینە ئەم تیپە؟**

- ئەم قسانە هەمووی لە راستی دوورە، ئێمە هەردەم هاوکاری ئەو یاریزانانەمان کردووە لە هەموو روویەکەوە، شتێکی زۆر باشە هەموو ساڵێك چەند یاریزانێکی لاو بێتە ریزی تیپی دووەم بۆ ئەوەی لە نێو تیپ گۆرانکاری هەبێت و بتوانین یاریزانیش دروست بکەین.

*** چۆن دەروانیە رۆڵی راگەیاندن؟**

- راگەیاندن تا ئێستا کارەکانی خۆیان بە باشی ئەنجام نەداوە دەبێ لەوە زیاتر بایەخ بە خولی کوردستان بدەن و گرنگی بەم خولە بدەن و هەروەها دەبێ چاویان لە یاریزانە لاوەکان بێت و گرنگیان پێ بدەن چونکە ئەوانە دەبنە یاریزانی دوا رۆژ و خزمەتی یانەکە دەکەن.

*** دوا وتەت؟**

- لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان لە وەرزی ئەمساڵ چەند کەمتەرخەمیەك هەبوو هێوادارام یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەوڵ بدات ئەم کەمتەرخەمیانە لە ساڵی داهاتوو چارەسەر بکات چونکە هەر خولی کوردستانە دەبێتە هۆی دروست بوونی یاریزان.



# سەرۆکی شانازی یانەی عەینی ئیماراتی سەردانی یانەی وەرزشی هەولێری کرد




شاندێکی بەرزی یانەی عەینی ئیماراتی بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدوڵڵا بن محەمەد بن خالید ئالهەیان سەرۆکی شانازی یانەی عەینی ئیماراتی و شاندی یاوەری سەردانی یانەی وەرزشی هەولێریان کرد و لە لایەن بەرێزان دەکتۆر عەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی وەرزشی هەولێر و گشت ئەندامانی یانە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا، سەرەتا د.عەبدوڵڵا بەخێرهاتنی میوانانی کرد و خۆشحاڵی یانەی وەرزشی هەولێر و گشت وەرزشوانانی هەولێر بۆ ئەم سەردانە نیشان دا پاشان سەرۆکی شانازی یانەی عەینی ئیماراتی سوپاسی ئەو پێشوازییەی لێکردن و هیوای خواست کە ئەم دۆستایەتی یانەی هەولێر و یانەی عەینی ئیماراتی لە دوا رۆژدا پتەوتر بێ و ئامادەی خۆی نیشان دا یاریگایەکی نێودەوڵەتی کە شوێنی (٢٥) هەزار کەس بگرێ وەکو دیارییەك بۆ یانەی هەولێر دروست بکات و هەروەها ئامادەیی یانەی عەینشی نیشاندا کە میوانداری یانەی هەولێر بکات چ لە یارییەکانی خولی جامی ئاسیا یان کردنەوەی ئۆردوگای مەشقی، بەرێز دەکتۆر عەبدوڵڵا سەرۆکی یانەی هەولێر بە فەرمی داوای سەردانی یانەکانی ئیماراتی کرد بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی یاری و سازدانی ئۆردوگای مەشق لە کۆتایشدا سەرۆکی یانەی هەولێر دیارییەکی پێشکەش بە شاندی میوانکرد دواتر شاندەکە بە بەرێزەوە بەرێکرا.

## رزگار عەلی راهێنەری یانەی سیروانی نوێ

# بڕیارمانداوە هیچ یاریزانی عەرەب نەهێنین



**یەکێکە لە راهێنەرە هەرە بەتواناکانی کوردستان و شاری سلێمانیی کە ماوەیەکی زۆرە لە ریزی یانەی سیروانی نوێ کار دەکات، لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ خاوەنی چەندین دەستکەوتە، رزگار عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٠ ی شاری سلێمانییە، ئێمە لە نزیکەوە دیمانەیەکمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

*** ئاستی ئەمساڵی خولی نایابی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لەراستی ئەمساڵ خولی نایابی کوردستان زۆر بەهێزە یانەکان ئاستیان لە یەکتری نزیکە و ساڵ بە ساڵیش خولی نایابی کوردستان بەهێزتر دەبێت یانەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان گرنگیەکی تەواو بەم خولە دەدەن، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ خولەکانی تر، یانەی سیروانی نوێ زیاتر گرنگی بەخولی کوردستان دەدات.

*** ئەمساڵ بەشداری لە خولی عێراق دەکەن؟**

- بەڵێ، ئەمساڵ بەشداری دەکەین هەموو هەوڵێکمان بۆ گەڕانەوەیە بۆ ریزی خولی پلە نایابەکانی عێراقە.

*** کێشە و گرفتان هەیە لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق چییە؟**

- ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام زیاتر گرنگی بە خولی کوردستان دەدەین ئەم خولەمان زۆر لا گرنگترە.

*** کێ رکابەریتان دەکات لە خولی کوردستان؟**

- لە خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان تەنیا یانەی بروسك رکابەریمان دەکات.

*** رات چییە بەرامبەر ئاستی ناوبژیوانان کە یانەکان گلەییان هەیە؟**

- ئاستی ناوبژیوانان جێگیرە و باوەڕناکەم هیچ ناوبژیوانێك هەبێ غەدر لە یانەکان بکات، بەڵام ئاستی خۆیان هەر ئەوەندەیە، لە یاری تۆپی پێی هەڵە هەردەبێ.

*** هۆکاری چی بوو پار ساڵ لە خولی عێراقی تووشی دابەزین بوون؟**

- هۆکاری دەستنیشان کردنی یاریزانە عەرەبەکان بوو، کە بەشێوەیەکی باش دەستنیشان نەکرابوون.

*** کێ هاوکاری یانەکەتان دەکات؟**

- ئێمە پشت بە بودجەی خۆمان دەبەستین، بازاڕی خۆمان هەیە، لە شاری سلێمانی کە هاوکاری ئێمە دەکات.

*** بۆ خولی عێراق هیچ یاریزانێکی عەرەب دەهێنن.**

- ئێمە بریارمان داوە ئەمساڵ لە خولی عێراق بۆند لەگەڵ یاریزانێکی عەرەب مۆرنەکەین.

*** بڕیارت نەداوە یاریزانانی کوردی پارچەکانی دیکە بهێنی بۆ خولی عێراق لە بڕی یاریزانانی عەرەب؟**

- ئەگەر یاریزانم دەستکەوت لەبەشەکانی دیکەی کوردستان ئەوا دەیانهێنم.

*** پرۆژەی داهاتووت چییە وەکو راهێنەر؟**

- پرۆژەیەکمان هەیە ئەویش پشت بە یاریزانە گەنجەکانی شاری سلێمانی ببەستین بۆ ئەوەی چیتر پشت بە یاریزانی عەرەب نەبەستین.

*** هیچ یانەیەك داوای لێنەکردووی بۆ ئەرکی راهێنەرایەتی؟**

- نەخێر، هەر لەگەڵ یانەی سیروانی نوێ دەمێنمەوە.

*** دوا وتەت؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانی ئازیز دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی وەرزشوانانی شاری سلێمانی.

دیمانە کارزان کانەبی

## فرناندۆ تۆرێس

# بەدەستهێنانی خولی یانەکانی ئینگلیزی گرنکترە لە خولی یانەکانی ئەوروپا

**فرناندۆ تۆریس هەر لە منداڵیەوە دەستی بە یاریکردن کردووە لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا وەکو گۆڵچی یاریکردووە پاشان لە لایەن پسپۆڕان بەهەرەی ئەو لاوەیان دۆزییەوە کە توانای گۆڵ تۆمارکردنی لە بەرگری گۆڵ زیاترە هەر لە وەرزی یەکەم لەگەڵ بەچکەشێران توانی (٥٥) گۆڵ تۆمار بکات و لە ساڵی ١٩٩٨ توانی لەگەڵ لاوانی ئەتلتیکۆ مەدرید نازناوی پاڵەوانیەتی جامی نایك بۆ لاوان لە ژێر تەمەنی (١٥) ساڵیدا بباتەوە پاشان چووە تیپی یەکەمی ئەتلتیکۆ مەدرید کە لە پلە دوو یاری دەکرد توانی ئەو تیپە بگەێنیتە ریزی یانە پلە یەکەکان، لە ساڵی ٢٠٠٦ یانەکەی بریارید ئەو یاریزانە بفرۆشێ بە مەرجێك بۆ یانەیەکی ئیسپانی بێت، بەڵام چەندین یانەی ناوداری ئینگلیزی و ئیتاڵی داوایان کرد، بەڵام ئەتلتیکۆ مەدرید بەم بۆندانە رازی نەبوو تا یانەی لیڤەرپوول هاتە گۆڕەپان و بە ژمارەیەکی پێوانی نوێ توانی بە بڕی (٢٥) ملیۆن یۆرۆ ئەم یاریزانە بکڕێت، ئێمە لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە بە باشمانزانی لە لاپەرەی وەرزشی بڵاویبکەینەوە.**



*** چۆن ئەو کاتەت هەڵدەسەنگێنی کە لە خولی ئینگلتەرە یاری دەکەی؟**

- کاتێکی باشە و وەرزی یەکەم خەراپ نەبوو بەهیچ شێوەیەك، یاریزان کاتێکی باشی دەوێ کە لە کەش و هەوای ئەو شوێنە بگات کە یاری تیادەکات لەوانە فێربوونی زمان و شێوازی یاریکردن و ئەو یانەیە و ئەو ماوەیەش زۆر بە ئاسانی بەڕێکرا ئەوەبوو توانیم رکابەری باشترین یاریزانی جیهان بکەم و شوێنی خۆم لە پێکهاتەی یانەیەکی گەورەی وەکو لیڤەرپوول بکەمەوە.

*** بوونی یاریزانی ئیسپانی لە لیڤەرپوول کاری باشی هەبوو لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستت؟**

- بە تەئکید خۆشحاڵ بووم بە بوونی ئەو ژمارەیە لە یاریزانانی وڵاتەکەم لە یانەی لیڤەرپوول و یاریزانان کاراگر و سامی هیپیا و جێرارد مامەڵەی زۆر باشیان لەگەڵ کرووم و دەستی یارمەتیان بۆ درێژ کردم لە هەموو شتێك، خۆشتریش بۆ من بوونی راهێنەری بە توانا رافائێل بینیتێز کە رێگا خۆشکەر بوو لە گشت لایەنێك بۆ بەرزبوونەوەی ئاستم و راهاتنم لە شێوازی یاریکردن لە خولی ئینگلیزی بەراستی ئێستا خۆم بە غەریب نازانم لە خولی ئینگلتەرە.

*** وای بۆ دەچی کە دوای هاتنت بۆ یانەی لیڤەرپوول نرخت لە بەرزبوونەوە دایە؟**

- ئەمە راستییەکەیە بە گشت پێوەرێك فێری زۆر بووم ئێستا دەمەوێ زیاتر فێربم لەو کاتەی هاتمە لیڤەرپوول و کارکردنم لەژێر دەستی بینیتێز خۆشیەکی بێ وێنە لە دڵم چەسپاوە لە ئەتلتیکۆ مەدرید بە شێوازی خۆم یارییم دەکرد، بەڵام لە لیڤەرپوول زۆر شتی باش فێربووم لە جولانەوە و گواستنەوەم لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بە بێ تۆپ و بە دەیان تەکنیك و تەکتیك، لە خوا بە زیاد بێت بینیتێز لە یاریزانێکی وەکو من دەگەڕا کە خێرا بتوانی ئەنجامی چاوەڕواننەکراو بە رکابەرەکی نیشان بدات و هێڵی رکابەرەکان بە توندی ببڕێ.

*** هاندەرانی یانەی لیڤەرپوول حەز دەکەن زیاتر خولی ناوەخۆ ببنەوە**



**لــە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئایــا تۆ حەز لە چ پاڵەوانییەتیەك دەکەیت؟**

- منیش حەز دەکەم خولی یانەکانی ئینگلتەرە ببەینەوە چونکە گرنگیەکی زۆری بۆ یانە هەیە جەماوەر شــێتی خولــی ناوەخۆن و ئەمەش مافی رەوای خۆیانــە چونکە ئەم خولە تام وچێژێکــی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لیڤەرپوول ماوەی (١٩) ســاڵ تامی ئەم نازناوەیان نەچێشتووە، ئێمە کە نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپامان بردەوە بووینە بەشــێك لە مێــژوو بۆیە هیوادارم ئەم ئاواتەشــم لەگەڵ لیڤەرپوول بێتە دی چونکە مێژووی پرشــەنگدار جێگای ســەرفرازییە و وای بــۆ دەچم کە هیچ یانەیەك نییە لە لیڤەرپوول باشتر بێت.

*** بە رای تۆ کام یانە نازناوی خولی وەرزی ئەمساڵ دەباتەوە؟**

- وای بۆ دەچم کە پاڵێوراوی سەرەکی یانەی مانچستەر یونایتدە، بەڵام ئەمەش چی ناگەیەنێ، من ناڵێم ئێمە پاڵێوراوین، چونکە پاڵەپەستۆیەکی زۆرمــان دەکەوێتە ســەر، گەر هاتوو لە ناوەنــدی قۆناغی دووەمەوە بە ئاســتێکی باش یاری بکەین ئەوا چانسی بە دەستهێنانی ئەم نازناوەمان بۆ ئاسانتر دەبێ و هەلی ئێمە زۆر باشترە لە یانەکانی دیکە، وا باشە هەر لە ئێستاوە پاڵەپەستۆ بخەینە سەر یانەی مانچستەر یونایتد.

*** خەون بــەوە دەبینیت کە لە یاری کۆتایی خولــی یانەکانی ئەوروپا یاری بکەیت؟**

- ئەمە خەونی بەردەوامە و دەتوانم لە جیهانی ئێســتا بە دەســتی بهێنم و ســەڵماندمان کە تیپێکی بەهێزمان هەیە لە یــاری هاتن و چووندا و بۆیــە وای بۆ دەچم هیچ یانەیەك حەز نــاکات رووبەرووی ئێمە ببێتەوە و راهێنەرێکمان هەیە کە دەتوانێ تیپێك ئامادەبکات و ترســناکی لەسەر هەموو تیپێك هەبێت.

*** چانس وای کرد کە یاری بەرامبەر یانە کۆنەکەت نەکەی؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە یارییم نەکرد لەبەردوو هۆ یەکەمیان وەستان بەهۆی سزا و دووەمیشیان بەهۆی پێکانەوە ئەمەش سوودی هەبوو بۆ هەردوو لا چونکە هەردووکیان سەرکەوتن بۆیە هەردوو لا رازی بووین.

*** ئایــا دەزانی هەندێك لە جەماوەر گرنگیمــان بە چوونی تۆ نەدا بۆ یانەی لیڤەرپوول؟**

- زوو لەو هەڵوێستە گەیشتم، من لایەنگری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدیش بووم، بەڵام من وای بۆ دەچم بەشێکی زۆر کەم حەزیکرد کە من یانەی پێشووم جێبهێڵم ئەم چەند کەسەش هیچ بۆمن ناگەیەنێ چونکە یانەی پێشووم جەماوەرێکی یەکجار زۆری هەبوو.

*** هەست بەوە ناکەیت ئەو قەرزەی لەسەر ئەستۆتە داوتەوە دوای ئەوەی ئاڵای ئیســپانیا و ئەدرێســی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریــدت لە رێپێوانە خۆشیەکان لە مەدرید بەرزکردەوە دوای ئەوەی نازناوی یۆرۆتان بردەوە؟**

- مــن قەرزاری کەس نیم تاوەکو قەرز بدەمەوە من زۆر لەســەر خۆمە دەزانم چی بۆ من دەکرێ و چیان لەمن دەوێ هەموو شتێکم بە ئەتلەتیکۆ مەدریــد بەخشــی ئەو کاتــەی یارییم بــۆ دەکرد و کەمتەرخەمیم بۆ نەکردووە، هەموو توانایەکــەم بۆیان ســەرفکردووە و کەس ناتوانێ نکۆڵی لەو راستییە بکات کە من هیچم نەکردووە ئەو کاتــەی جامی یۆرمان بردەوە و گەراینەوە ئیسپانیا و پێشــوازییەکی گەرممان لێکرا و منیش جیاوازییم لەگەڵ گشــت یاریزانەکان هەبوو کە کاتێــك یەکێك لە جەماوەر ئاڵایەکی بۆ فڕێدام من بە شانازییەوە وەرم گرت و بەرزم کردەوە.



*** لەگــەڵ ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئاســتت زۆر بەرز بوو دواتر جامی یۆرۆتان بردەوە، چ هۆکارێك بوو تۆ ئەو یانەت جێهێشت؟**

- بەراســتی پێویســتیم بە گۆڕانــکاری هەبوو، من هەســت بە بەرپرســیاری دەکەم لە یاریگا و دەرەوەی یاریگاش بۆیە پێویستیم بەم هەنگاوە هەبوو، بۆ بڕیارم دا کە کاتی ئەوە هاتووە گۆڕانکاری لە ژیانم بکــەم و تاقیکردنەوەیەکی دیکە ئەنجام بدەم و لەو کاتەش هەڵێکی زێرینم بۆ رەخســا بۆندیکم لــە یانەی لیڤەرپوول بۆ هات، منیــش قەبووڵم کرد، یاریکردن لەگەڵ یاریزانانی ئیســپانی و ئەو راهێنەرە بەناوبانگە شتێکی باش بوو بۆم هەروەها یاریکردن لەگەڵ ئەســتێرەیەکی ناودار وەکو جیرارد ئەمەش خۆی لە خۆیدا شتێکی باش و بەسوودە.

*** حەز دەکەی کۆتایی ژیانی وەرزشــیت لــە ئەتلەتیکۆ مەدرید بێت؟**

- تا ئێســتا نازانم و واشی بۆ دەچم کە ئەم بۆچوونەت راست بێت، ئەتلەتیکۆ مەدرید شــوێنی لە دڵــی من کردۆتەوە گەر بێتو لەوێ کۆتایی بە ژیانی وەرزشیم بینم ئەوە دەبێتە شتێکی یەکجار خۆش.

*** ئەو کات و ساتەی کە یەکلاکەرەوە بوو لە پاڵەوانیەتی یۆرۆ؟**

- کە توانیمان بەرەبەســتی قۆناغی هەشــتەم ببڕین بە تایبەتی بەرامبەر ئەو هەڵبژاردەی کە بە ژیانمان لێمان نەبردۆتەوە ئەویش هەڵبــژاردەی ئیتاڵیا بــەو یاری کۆتایش بەرامبــەر نازدارترین هەڵبژاردە ئەویش هەڵبــژاردەی ئەڵمانیا بوو و یاری کۆتایی لەبیر ناکرێ و ناشــکرێ ئەوەش لەبیر بکەین کــە دەرچوون لە قۆناغی هەشتەم متمانەیەکی بە ئێمە دا.

*** ئەو گۆڵەی لە ئەڵمانیات تۆمار کرد بە گرنگترین گۆڵی ژیانت دادەنێیت؟**

- بــێ گومــان وایە ئەو شــتەی لە یاری کۆتایــی روویدا قەت لەیاد ناکرێت و لەبیری ناکەم، ئێســتا جەماوەری ئیســپانیا باس لە مارســیلینۆ دەکەن کە توانی گۆڵی ســەرکەوتن لە یاری کۆتایی یۆرۆی (١٩٩٤) دژی رووســیا تۆمار بکات، ئێستاش دوای ٤٤ ســاڵ توانیم هەمان دەستکەوت تۆمار بکەم و خەڵك تا (٤٤) ساڵی دیکە من لەبیــر ناکەم ئەمەش مێژووی لــە لای خۆی تۆماری دەکات بۆیە من بەو گۆڵە زۆر خۆشحاڵم.

*** وای بــۆ دەچیت کە رۆناڵدۆ شایســتەی نازناوی تۆپی زێرین بووە؟**

- بەڵێ، رۆناڵدۆ شایستەی ئەو نازناوە بووە و پیرۆز بایی لێدەکەم.

*** ناوت لە لیســتی ســێ یاریزان بوو بۆ بە دەســتهێنانی باشترین یاریزانی جیهانی ئایا ئەمە لای تۆ چاوەڕوانکرا بوو؟**

- راســتە سەرسوومان بووم، بەڵام من ئاســتم باش بوو یاریکردن لە خولی ئینگلتەرە زۆر گرنگ بوو و خەونی گشت یاریزانێك بوو.

